Available online at http://jgu.garmian.edu.krd

**Journal of University of Garmian**

https://doi.org/10.24271/garmian.2023.10408

# تایبەتمەندی دانیشتوانی پرۆژەکانی نیشتەجێبونی ستونی لە شاری سلێمانی (لێکۆڵینەوەیەك لە جوگرافیای شار)

**کامران محمد توفیق[١]، بەیان علی حسین[٢]**

١- بەشی جوگرافیا، کۆلێجی پەروەردەی بنەڕەت، زانکۆی گەرمیان، هەرێمی

٢- بەشی جوگرافیا، کۆلێجی زانستە مرۆڤایەتییەکان، زانکۆی سلێمانی

**پوختە:**

توێژینەوەکە باسی لە تایبەتمەندی دانیشتوانی پرۆژەکانی نیشتەجێبونی ستونی کردوە لە شاری سلێمانی، سەرەتا تیشکی خستۆتە سەر گۆڕانکارییەکان لە قەبارەی دانیشتوانی شاری سلێمانی، کە بەهۆکاری گۆڕانکاری و ڕووداوە ئابوری و سیاسی و کۆمەڵایەتییەکان ژمارەی دانیشتوان گۆڕانکاری بەسەردا هاتووە لە (35520 کەس بۆ 837350 کەس) لە ماوەی نێوان ساڵانی (1947-2020) و ڕێژەی گەشەی ساڵانە لەو ماوەدا (5،4%)، سەبارەت بە تایبەتمەندیی دانیشتوان توێژینە ڕۆیشتووەتە ناو پرۆژەکانی نیشتەجێبونی ستونی وەك شێوازێکی نیشتەجێبون لەم ساڵانەی دوایدا بایەخی بەرچاوی پێدەدرێت و لە پەرەسەندندایە، لەڕووی پێکهاتەی تەمەنەوە گۆڕانکارییە کۆمەڵایەتییەکان کاریگەریی هەیە لەسەر بەرزی ڕێژەی تەمەن گەنجەکان، سەبارەت بە پێکهاتەی جۆر نزمی پێوە دیارە لە ناوچەی توێژینەوە بە (94نێر بەرامبەر 100مێ)، پێکهاتەی تەمەن و جۆر کاریگەریان لەسەر ڕێژەی بەخێوکردن هەیە، هەروەك کاریگەریی ڕاستەوخۆیان لەسەر هێزی کار هەیە، دەربارەی پێکهاتەی هاوسەرگیری ڕێژەی ئەوانەی هاوسەرگیریان ئەنجام داوە بەرزترین ڕێژەیە و بەدوای ئەودا ڕێژەی سەڵت و بێوەیی(جیابووەوە، ژن مردوو، مێرد مردوو) دێت، تایبەت بە قەباری خێزان، خێزانی قەبارە بچوك ڕواڵەتی دیارە لە ناوچەی توێژینەوە، هەروەها کەمترە لە هاوشێوەکەی لەسەر ئاستی شاری سلێمانی، هەرچی پێکهاتەی خوێندەوارییە بەرزی ڕێژەی خاوەن بڕوانامە لە نێوان سەرۆك خێزان و هاوسەرەکەی بەڕوونی دیارە لە ناوچەی توێژینەوە .

***Article Info***

**Received:** September, 2023

**Revised:** September, 2023

**Accepted:** November, 2023

***Keywords***

تایبەتمەندی دانیشتوان، نیشتەجێبونی ستونی، گەشەی دانیشتوان،تایبەتمەندی جۆر.

***Corresponding Author***

## پێشەکی:

مرۆڤ ڕەگەزێکی سەرەکی و بنەڕەتی توێژینەوەکانی شار و دانانی هەنگاوە پلانسازییەکانە بۆی، لەبەرئەوەی هەموو ئامانجە ئابوری و کۆمەڵایەتی و بیناکارییەکان پەیوستن بە مرۆڤەوە، کە قەبارەی خزمەتگوزاری و پێویستییەکان دیاری دەکات، ئەوانەی ئامانج لە دابینکردنیان پڕکردنەوەی پێویستییەکانی ئێستا و ئایندەی دانیشتوانە، هۆکارە دیمۆگرافییەکان بەگشتی لە هۆکارەکانی خواستە لەسەر نیشتەجێبون، بەدرێژایی مێژووی مرۆڤایەتی مرۆڤ شێوازی نیشتەجێبونی گونجاندوە لەگەڵ تایبەتمەندییەکانی خۆیدا، بەدیوێکی تردا سەرهەڵدانی شێوازی ستوونی لە نیشتەجێبون پەیوەندی هەیە لەگەڵ گۆڕانکاری لە تایبەتمەندی دانیشتوانی کۆمەڵگەدا .

## یەکەم:چوارچێوەی تیۆری:

### گرنگی توێژینەوە:

گرنگی شیکردنەوەی تایبەتمەندی دانیشتوان بەگشتی و لە ناوچەی توێژینەوە لە ڕوانگەی پەیوەندی ڕەگەزەکانییەتی لەگەڵ نیشتەجێبون و شێوازەکانی لەشاردا، بەتایبەت زانینی تایبەتمەندی دانیشتوان خاڵی بنەڕەتە لە پلاندانان بۆ پرۆژەکانی نیشتەجێبون و دابینکردنی خزمەتگوزارییە پێویستەکان بۆ مرۆڤ .

### کێشەی توێژینەوە:

کێشەی توێژینەوە بەپرسیارێك دیاری دەکرێت دەربارەی دۆخی دانیشتوانی ناوچەی توێژینەوە، بەتایبەت پێکهاتەی دانیشتوان چۆنە؟ پەیوەندی چۆنە لەگەڵ نیشتەجێبونی ستوونیدا لەو پرۆژانەی لەم توێژینەوە وەرگیراون؟

### گریمانەی توێژینەوە:

تایبەتمەندی دانیشتوانی ناوچەی توێژینەوە جیاوازە بەجیاوازی پرۆژەکان و بە کاریگەری هۆکارە ئابوری و کۆمەڵایەتییەکان، هەروەها تایبەتمەندییەکانی دانیشتوان هۆکارن بۆ بەرەوپێشچوونی شێوازی ستونی لە نیشتەجێبون لە شاری سلێمانی .

**ئامانجی توێژینەوە:** ئامانجی توێژینەوە خستنەڕووی تایبەتمەندی دانیشتوانی پرۆژەکانی نیشتەجێبونی ستونییە لە ڕووی پێکهاتەی تەمەن و جۆر و هەندێك لە تایبەتمەندییە شارستانی و کۆمەڵایەتی و ئابورییەکانی دانیشتوان و پەیوەندییان لەگەڵ شێوازی نیشتەجێبونی ستونییدا .

### سنوری ناوچەی توێژینەوە:

شاری سلێمانی ناوەندی کارگێڕی پارێزگایە، لە شارە گەورە و فراوانەکانی وڵاتی عێراقە و ڕووبەری شارەکە بە پێی ماستەر پلان (470)کم$^2$، شوێنێکی تایبەتی هەیە لە هەرێمی کوردستان و ناوەندێکی شارنشینی گرنگی هەرێمە .

شاری سلێمانی دەکەوێتە سەر دەشتێکی فراوان لە نێوان زنجیرە چیایی ئەزمەڕ و گۆیژە لە ڕۆژهەڵات و پیرەمەگرون لە باکور و بەرانان لە ڕۆژئاوا، ناوچەی گەشتوگوزاری و چالاکی بازرگانی و ڕۆشنبیری گرنگ لەخۆدەگرێت، ئەم شارە لەڕێگەی وشکانییەوە بەستراوەتە ناوچەکانی تری پارێزگای سلێمانی و پارێزگاکانی دەوروبەری، هەروەها لە ڕێگە هێڵی ئاسمانییەوە بەستراوەتە شارە گرنگەکانی عێراق و جیهانی دەرەوە، شاری سلێمانی هەرێمێکی کارگێڕی گرنگە بۆ سنورێکی فراوان بریتییە لە هەردوو ئیدارەی گەرمیان و ڕاپەڕین و پارێزگای هەڵەبجە .

شاری سلێمانی ناوەندێکی گرنگی زانستی و توێژینەوەیە لەسەر ئاستی عێراق و هەرێمی کوردستان، بەهۆی بونی چەندین ناوەندی زانستی گرنگ لەوانە زانکۆی سلێمانی، کە یەکەمین زانکۆی هەرێمی کوردستان و یەکێك لە زانکۆ کۆنەکانی عێراقە بە گشتی و زانکۆی ئەمریکی وەك یەکەمین زانکۆ لە هەرێمی کوردستان و عێراق بەگشتی، هەروەها زانکۆی پۆلیتەکنیکی سلێمانی و چەندین زانکۆی تری تایبەت و ناوەندی زانستی و توێژینەوە، سەرەڕای ئەوانەش مۆزەخانە و چەندین ناوچەی گەشتیاری گرنگ لە شارەکە هەیە .

وەکو ئاماژەمان پێدا ناوچەی توێژینەوە ناوەندی کارگێڕی پارێزگای سلێمانییە، کە پارێزگای سلێمانی دەکەوێتە ڕۆژهەڵاتی هەرێمی کوردستان و باکوری ڕۆژهەڵاتی عێراق، لە باکورەوە هاوسنورە لەگەڵ پارێزگای هەولێر و لە ڕۆژهەڵاتەوە کۆماری ئیسلامی ئێران و لە باشوری ڕۆژهەڵاتەوە هاوسنورە لەگەڵ پارێزگای هەڵەبجە و لە باشورەوە ئیدارە گەرمیان و لە ڕۆژئاواوە پارێزگای کەرکوك (بڕوانە نەخشەی 1). لەڕووی ئەسترۆنۆمییەوە شاری سلێمانی دەکەوێتە نێوان بازنەکانی پانی (47¨ 39´ 35°– 09¨ 26´ 35°) باکور و هێڵی درێژی (0¨ 12´ 45° – 00¨ 32´ 45°) ڕۆژهەڵات .

ناوچەی توێژینەوە گەشە و فراوانبون و بەرەوپێشچوونی کارگێڕی خێرای بەخۆوەبینی، سەرەڕای زۆربونی ژمارە دۆخی گوزەرانی دانیشتوانەکەی باشتربوو، بەرزی ئاستی بژێوی و بەردەستبونی هەلی کار کۆچی دانیشتوانی بە ئاراستەی شارەکە ڕاکێشا، گۆڕانکارییە خێراکان گۆڕانکاری لە تایبەتمەندییەکانی دانیشتوانی شارەکە دروستکرد، کە بەشێکی گرنگی هۆکارەکانی گۆڕانکارییە لە شێوازی نیشتەجێبون و سەرهەڵدانی نیشتەجێبونی ستونی پەرەسەندنی بەشێوەیەکی خێرا لە شاردا.

دانیشتوان ڕەگەزێکی سەرەکی پێکهاتەی شار و کۆڵەکەی توێژینەوەکانی جوگرافیزانانی شارە، لەسەر بنەمای داتا و زانیارییەکانی دانیشتوانی شار پلانەکان دادەنرێت، کە ئامانجیان جەختکردنە لەسەر ڕێکخستنی گواستنەوە و جوڵەی هاتوچۆ و گەشە و دابەشبونی دانیشتوان و کێشەکانی پەیوەست بە نیشتەجیبون و پیسبوون و خزمەتگوزارییە کۆمەڵگەییەکان و

دامەزراوە گشتی و شوێنەکانی حەوانەوە لەسەر بنەمای نەخشەی بنەڕەتی شار، کە بەکارهێنانە جیاوازەکانی زەوی شار روون دەکاتەوە (الشواورة، 2012، ص209) .

## سەرچاوەی توێژینەوە و داتاکانی:

توێژینەوە پشتی بەستوە بە زانیاری کۆکراوە لە سەرچاوە زانستی و چاپکراوە فەرمییەکانی (بڵاوکراو و بڵاونەکراوە) فەرمانگە حکومییەکان، بەتایبەت وەزارەتی پلاندانانی حکومەتی هەرێمی کوردستان و بەڕێوەبەرایەتی ئاماری پارێزگای سلێمانی و بەڕێوەبەرایەتی نەخشەدانانی ئاوەدانی و سەرۆکایەتی شارەوانی سلێمانی و بەڕێوەبەرایەتی ئاوەدانکردنەوە و نیشتەجێبونی سلێمانی، هەروەها ئەو داتایانەی کۆکراونەتەوە لەڕێگەی سەردانی مەیدانی و دابەشکردنی فۆرمی ڕاپرسییەوە بەسەر نمونەیەکی هەڕەمەکی لە خێزانە نیشتەجێبووەکانی (15) پرۆژەی نیشتەجێبونی ستونی ناوچەی توێژینەوە.

## دووەم-گەشەی دانیشتوانی شاری سلێمانی:

گەشەی خێرای دانیشتوان هۆکاری فراوانبوونی نائاسایی شارەکانە، ئەو شێوازە سەرنج ڕاکێشەی زۆربونی دانیشتوان و بەردەوامی فراوانبوونی رووبەری شارەکان پلان دانەران و بەرپرسانی لە بەردەم تاقیکردنەوەیەکی قورسدا داناوە، ئەویش دابینکردنی شوێنی نیشتەجێبون و خزمەتگوزارییە پێویستەکانە، کێشەی نەبون و کەم وکورتی داتای فەرمی و بڵاوکراوە لەسەر دانیشتوانی شار و هەرێمەکەی کێشەیەکی سەرەکییە رووبەرووی توێژەران و پلان دانەران دەبێتەوە، دەکرێت لەسەر بنەمای خشتەی (1) گەشەی دانیشتوانی شاری سلێمانی بەم شێوەی خوارەوە دیاری بکەین .

1-بە پێی سەرژمێری فەرمی ژمارەی دانیشتوانی شاری سلێمانی (35520) کەسە لە ساڵی (1947)، ئەم ژمارە لە ساڵی 1957 گەیشتە (48812) کەس بەزیادبونی (13292) کەس زیاتر لە سەرژمێری پێشتر و بەرێژەی گەشەی ساڵانەی (3،2%)، ڕێژەی گەشەی دانیشتوانی ئەم قۆناغە نزیکە لە ڕێژەی گەشەی دانیشتوانی عێراق.

2-دانیشتوانی شارەکە بەردەوام بوو لە هەڵکشان و لە سەرژمێری ساڵی (1965) گەیشتە (98333) کەس بە جیاوازی (49521) کەس زیاتر لە سەرژمێری پێشوو و بەرێژەی گەشەی ساڵانە (9،1%) لە ئەنجامی گەشەی سروشتی و کۆچی دانیشتوانی گوندنشین. (سعید، 2011، ص 43).

3-ژمارەی دانیشتوان لە سەرژمێری ساڵی 1977 گەیشتە (175413) کەس بە زیادبونی (77080) کەس زیاتر لە سەرژمێری ساڵی 1965 و بەرێژەی گەشەی ساڵانە (4،9%)، لە ماوەی نێوان ئەو دوو سەرژمێرییەدا کۆمەڵێك رووداوی جیاواز کاریگەریان لەسەر گەشەی دانیشتوان داناوە، لەوانە بەرەوپێشچوونی دۆخی ئابوری عێراق لە ئەنجامی خۆماڵیکردنی نەوت و زیادبونی داهاتی نەتەوەیی و ئەنجامدانی پرۆژەی ئابوری لە سەرتاسەری عێراق بەگشتی و لە نێویاندا ناوچەی لێکۆڵینەوە بێبەش نەبووە لە ئەو پرۆژانە، وەکو کارگەی چیمەنتۆی سەرچنار و تاسلوجە و کارگەی چیمەنتۆی سلێمانی و کارگەی چەوەندەری شەکر، ئەمانە جوڵەی کۆچی بە ئاراستەی شاری سلێمانی زیاترکرد، بە هۆکاری زۆربونی هەلی کار و باش بوونی دۆخی تەندروستی و داهاتی تاك(حسین، 2001، ص48)، هەروەك دامەزراندنی زانکۆی سلێمانی لە گۆڕانکارییە گرنگەکانی ئەم قۆناغەیە، لە گەڵ ئەو هۆکارانە رووداوە سیاسییەکانی کوردستان لە بڕیاری یازدەی ئازاری ساڵی 1970 و پێدانی مافی ئۆتۆنۆمی و هەرەسهێنانی شۆڕشی کورد لە ساڵی 1974 و هەنگاوەکانی دواتری حکومەت بۆ کۆچپێکردنی دانیشتوانی ناوچە سنورییەکان کاریگەری دیاریان هەبوو لە کۆچی دانیشتوانی گوندەکان بۆ شاری سلێمانی .

4-گەشەی دانیشتوانی ناوچەی توێژینەوە بەشێوەیەکی بەرچاو بەردەوام بوو، لە ساڵی 1987 ژمارەی دانیشتوان گەیشتە (339310) کەس و بەرێژەی گەشەی ساڵانەی (6،9%)، بەرزبونەوەی ڕێژەی گەشەی ساڵانەی دانیشتوان بە هۆکاری بەردەوامی کۆچی دانیشتوانی گوندەکان و ناوەندە شارنشینیەکانی پارێزگای سلێمانییە بۆ ناو شار بەهۆکاری جەنگی نێوان عێراق و ئێران بەتایبەت ڕاگواستنی گوندەکانی ناوچە سنورییەکان و گۆڕانکاریی کارگێری لە سنوری ناوچەی توێژینەوە بەخستنە ناوەندی ناحیەی سەرچنار بۆ سەر شاری سلێمانی لە ساڵی 1985(حسین، 2001، ص 48).

5-بەهۆی دابڕانی پارێزگاکانی هەرێم لە عێراق دوای ڕاپەڕینی ساڵی 1991 ئەو سەرژمێرییەی لە ساڵی 1997 لە عێراق ئەنجام درا پارێزگاکانی هەرێمی کوردستانی نەگرتەوە، بە پێی داتاکانی بەڕێوەبەرایەتی ئاماری سلێمانی ژمارەی دانیشتوانی ناوچەی توێژینەوە (569123) کەس بووە لە ساڵی 2002 بە زیادبونی (229813) کەس و بەرێژەی گەشەی ساڵانە (3،5%)، دابەزینی ڕێژەی گەشەی ساڵانە بەراورد بە قۆناغی پێشوو بە دوو هۆکاری سەرەکی بوو، یەکەم نەمانی دەسەڵاتی حکومەتی عێراق لە رووبەرێکی فراوانی هەرێمی کوردستان و دەستپێکردنی ئاوەدانکردنەوەی گوندە خاپورکراوەکانی پارێزگای سلێمانی و دروستبونی کۆچی پێچەوانە لە شارەوە و گەڕانەوەی هەندێك لە دانیشتوانی شاری سلێمانی بۆ شوێنی ڕەسەنی خۆیان چ لە شار یاخود گوندەکانی سنوری پارێزگای سلێمانی، هۆکاری دووەم کاریگەری ئابڵوقەی ئابوری دوولایەنەی حکومەتی عێراق و نەتەوە یەکگرتووەکان بوو، کە کاریگەری هەبوو لەسەر دابەزینی ئاستی خزمەتگوزاری تەندروستی و سەختی دۆخی ئابوری و بایەخدان بە کەرتی کشتوکاڵ (سعید،

2011، ص47)، لەگەڵ سەختی گوزەرانی دانیشتوانی کەم دەرامەت و بەرزی کرێی یەکەی نیشتەجێبون بۆیە ناچاربوون کۆچیان دەکرد بۆ شارەکانی دەوروبەر، بەتایبەت شاری سلێمانی خاوەن ماستەرپلانێکی زانستی نەبوو و ناوەندی شارەکە لەبەردەم داگیرکاری بەکارهێنانی بازرگانییدا بوو و بەکارهێنانی زەوی بۆ مەبەستی نیشتەجێبون لاواز بوو لەبەردەم ئەم داگیرکارییەدا، لەبەرئەوە دانیشتوان بە ناچاری کۆچیان دەکرد بۆ ناوچەکانی دەوروبەری شار (جلال، 2008، ص98) .

6-دانیشتوانی شاری سلێمانی لەسەر بنەمای پرۆسەی گەمارۆسازی و ژمارە لێدانی ساڵی 2009 گەیشتە (595238) کەس و بە زیادبونی (26115) کەس و گەشەی ساڵانە (7،1%)، دەکرێت هۆکاری ئەم بەردەوامییەی گەشەی دانیشتوان، سەرەڕای گەڕانەوەی بەشێك لەو کەسانەی لە قۆناغەکانی پێشتر بە هۆکاری جیاواز کۆچیان کردبوو بۆ دەرەوەی وڵات، ناجێگیری باروودۆخی شارەکانی ناوەڕاست و خواروی عێراق دوای پرۆسەی ئازادی ساڵی 2003 و کۆچی زۆرێك لە دانیشتوانی ئەو ناوچانە بۆ هەرێمی کوردستان و جێگیربونی هەندێکیان لە شاری سلێمانی، بەتایبەت ئەوانەی لە نەتەوەی کوردبوون.

7- لە دواقۆناغی ماوەی توێژینەوە لە ساڵی 2020 ژمارەی دانیشتوانی شارەکە گەیشتە (872870) کەس و بەزیادبونی (277632) کەس و ڕێژەی گەشەی ساڵانە (2،2%)، ئەم قۆناغە قۆناغی بەرزبونەوەی چڕی بیناکارییە لە شار، هاوتەریب لەگەڵ بەردەوامی گەشەی دانیشتوان و بەرەوپێشچوونی دۆخی ئابوری چڕی پرۆسەی بیناکاری سەری هەڵدا، بەم هۆکارە ڕووبەری زەوی بەتاڵ لە گەرەکە کۆنەکانی شار بەرەو نەمان چوو، سەرەڕای زیادبونی بەرزی باڵەخانەکان، لەگەڵ زۆربونی داواکاری لەسەر زەوی بۆ نیشتەجێبون و کاری بازرگانی نرخی زەوی و یەکەی نیشتەجیبون و شوێن کاری بازرگانی زیاتر بەرزبویەوە لەسەر ئاستی شار بەشێوەیەك توانای دانیشتوانی بۆ دەست پێڕاگەیشتن بە یەکەی نیشتەجێبونی گونجاو سنوردار کرد .

لە لایەکی ترەوە لە ئەنجامی ناجێگیری دۆخی ئاسایشی شارەکانی ناوەڕاست و باشوری عێراق لە دوای ساڵی (2003) بەشێك لە دانیشتوانی ئەو ناوچانەی جەنگی تێدا بوو ئاوارەی پارێزگاکانی هەرێمی کوردستان بوون بەگشتی لەو نێوەندەشدا پارێزگای سلێمانی، شاڵاوی ئاوارەبون لە ساڵی (2006 و 2007) زیاتر بوو بەشێوەیەك ڕێژەی (7%) خێزانە ئاوارەکان پێش ساڵی (2013) هاتوون و (8%) لە ساڵی (2013) ئاوارەبوون و (63%) و (22%) لە (2014) و (2015) بە تایبەت دوای سەرهەڵدانی داعش لە ساڵی 2014 بەشێ زۆری دانیشتوانی ئەو ناوچانەی جەنگی تێدا بوو (پارێزگاکانی ئەنبار و سەلاحەددین و دیالە) ئاوارەی پارێزگاکانی هەرێمی کوردستان بوون (وەزارەتی پلاندانان، 2016، ل17)، لە ساڵی 2016 ژمارەی ئاوارەی ناوخۆیی لە پارێزگای سلێمانی گەیشتە (229286) کەس . ژمارەی خێزانی پەنابەر (سوری) لە ساڵی (2020) لە پارێزگای سلێمانی گەیشتە (9913) خێزان، کە ژمارەی ئەندامەکانی (31212)کەس و بە پێی زانیارییەکان لەهەر چوار پەنابەری سوری سێ کەسیان لە ناوچە شارنشینییەکان دەژین و تەنها یەك کەسیان لە کەمپە (عوسمان، 2021، ل28-29)، زیاتر لە نیوەی ئاوارە ناوخۆییەکان و بە نزیکەی هەموو پەنابەران لە شاری سلێمانی نیشتەجێن، دەربارەی گەڕانەوەیان بۆ زێدی خۆیان بە پێی ڕاپرسییەك نیوەی دانیشتوانی ئاوارە و پەنابەر لە شوێنی ئێستایان دەمێننەوە، ئەوانەش ئامادەی گەڕانەوەن بە مەرج و داواکاری ئامادەی گەڕانەوەن (وەزارەتی پلاندانان، 2016، ل20).

بەگشتی گەشەی دانیشتوان لە ماوەی نێوان ساڵانی (1947-2020) نزیکەی (4،5%) لە کۆی ئەوانەی باسمان کرد دەگەینە ئەو ئەنجامەی شاری سلێمانی بە هۆکاری تایبەتمەندییە جیاوازەکانی لە قۆناغە جیاجیاکاندا ناوچەی ڕاکێشانی دانیشتوان بووە و ئەمەش هۆکارێکی گرنگی دروستبون و بەرەوپێشچوونی باڵەخانەکانی نیشتەجێبونی ستونی بووە بۆ پڕکردنەوەی پێویستییەکانی دانیشتوان، (بڕوانە شێوەی 1) .

## سێیەم- تایبەتمەندی دانیشتوان:

### 1-تایبەتمەندی تەمەن و جۆری دانیشتوان:

شیکردنەوەی تایبەتمەندییە دیمۆگرافییەکانی دانیشتوان لە چوارچێوەی چەمکی پێکهاتەی تەمەن و جۆری دانیشتوان جێی بایەخی جوگرافیزانان و ئابوری ناسان و چەندین پسپۆری ترە لە وڵاتە جیاوازەکان، ئامارەکانی ئەم تایبەتمەندییە دەروازەیەکی سەرەکیە بۆ پلان دانانی ئابوری و کۆمەڵایەتی و بەدەستهێنانی ئامانجە ڕامیاری و ئابوری و کۆمەڵایەتییەکانی دەوڵەت، داتاکانی پێکهاتەی تەمەن و جۆری دانیشتوان یارمەتی دیاریکردنی کێشە و پێویستییە جیاوازەکانی کۆمەڵگە دەدات (مهلهل، 2021، ص2)، تایبەتمەندی دانیشتوانی ناوچەی توێژینەوە بەم شێوەی لای خوارەوەیە:

### 1-1پێکهاتەی تەمەن:

پێکهاتەی تەمەن دابەشکردنی دانیشتوانە بۆ چەند گروپێکی دیاریکراوی تەمەن، داتاکانی گرنگی زۆری هەیە بۆ بڕیار بەدەست و پلان داڕێژەرانی ئابوری و کۆمەڵایەتی و توێژەرانی بواری توێژینەوەکانی دانیشتوان و توێژینەوە کۆمەڵایەتییەکان، لەبەرئەوەی پێکهاتەی تەمەن قەبارەی پێویستییەکانی دانیشتوان بە پێی گروپەکانی تەمەن دیاری دەکات، چ گەنج

بێــت یــا بەســاڵاچوو، پێکهاتــەی دانیشــتوان ڕواڵەتــە دیمۆگرافییەکانی کۆمەڵگە ڕوون دەکاتەوە چ نێر بێ یاخود مێ یاخود هەردووکیان و گروپە بەرهەمهێنەرەکانی کۆمەڵگە دیاری دەکات ئەوانەی ئەرکی بەخێوکردنی تاکەکانی تری کۆمەڵگەیان لە ئەستۆدایە، داتاکانی تەمەن بەکار دەهێنرێ بۆ پێشبینی کردنی دانیشـتوان، خـێزان، تۆمـارکردن لـە قوتابخانـە، خزمـەتگوزاری تەندروسـتی، خـۆراك، نیشـتەجێبون، گواسـتنەوە و ڕێگاوبـان و ئەوانی تریش لە خزمەتگوزارییە پێویستەکان بۆ مرۆڤ (الراوي، 2021، ص37). بەسـەرنج دان لـە خشـتەی (2) گروپـەکانی تەمـەن لـە پرۆژەکانی نیشـتەجێبونی سـتونی بـەم شـێوەی لای خوارەوەیە:

أ- گروپی تەمەن بچوك (یەك ڕۆژ-14 ساڵ):

ئەم گروپە لە دەرەوەی هێزی بەرهەمهێنانە، ڕێژەی ئەم گروپە لە کۆی قەبارەی نمونەی وەرگیراو (29،8%)، هەروەك ئەم ڕێژە جیاوازە لە نێوان پرۆژەکانی نیشتەجێبون بەهۆکاری جیاوازی وەکو بەکارهێنانی هۆکارەکانی ڕێکخستنی قەبارەی خێزان و پیشەی هاوسەر و داهاتی مانگانەی خێزان، دەتوانین بە سێ گروپ پۆلێنیان بکەین گروپی یەکەم ڕێژەکەیان بەرزە و زیاتر لە (30%) دانیشتوان پێك دەهێنن وەکو (هەواری فەرمانبەرانی زانکۆ، دیلان ستی، جوان تاوەر، گوڵی شار، شاری نمونەیی، کەنە کەوە، دەروازە ستی، شاهین ستی) بەڕێژەی (38،3%، 36،3%، 33،3%، 35%، 34،6%، 33،1%، 32،2%، 31،6%)، هەروەها پرۆژەکانی (قەیوان ستی، شاری شنیار، جاف تاوەر، بەرزاییەکانی قەیوان، ، برایەتی سەردەم) بەڕێژەی (28،8%، 27،9%، 27،6%، 26،3%، 25،5%) و پرۆژەکانی (کورد ستی و شاری گۆیژە ) بەکەمترین ڕێژە دێت (21،2%، 18،5%) .

ب- گروپی تەمەن ناوەند (15-64) ساڵ:

گـروپی بەرهەمهێنـە و ئـەرکی بـەخێوکردنی هـەردوو گروپەکـەی تـری لـە ئەسـتۆیە، ڕێـژەی ئـەم گروپـە دەگاتـە (67،4%) کـۆی نمونـەی وەرگـیراو بـۆ توێژینـەوە، ئەمـەش ڕێژەیـەکی بـەرزە و بـەرزترین ڕێـژەی لـە پرۆژەکانی (کـورد سـتی، برایـەتی سـەردەم، شاری گۆیژە) بە ڕێژەی (76%، 74،5%، 73،5%) بەهۆکاری نـزمی ڕێـژەی گـروپی تەمـەن منـداڵ لـەو پرۆژانـە، هـەروەها لـە پرۆژەکانی (بەرزاییـەکانی قـەیوان، جـاف تـاوەر، شـاهین سـتی، شـاری شـنیار، قـەیوان سـتی، جـوان تـاوەر، کەنەکـەوە، شـاری نمونەیی، دیلان ستی، گوڵی شار) بەدوای یەکدا لە بەرزەوە بۆ نزم بە ڕێژەی ( 69،3%، 69%، 68،4%، 67،4%، 67،3%، 66،7%، 66،2%، 65،4%، 63،1% ،63%) دێــت و لــە کۆتاییـدا نـزمترین ڕێـژە لـە پـرۆژەی (هـەواری زانکـۆ) دێـت بـە ڕێــژەی (61،7%) ئــەویش بــە هۆکــاری نــەبونی گــروپی بەساڵاچووان و بەرزی ڕێژەی گروپی تەمەن منداڵ لە داتاکانی تایبەت بەم پرۆژە .

ت- گروپی بەساڵاچووان (65 ساڵ و زیاتر):

گـروپێکی بەرهـەمهێن نیە و کـەمترین ڕێژەی پێکهاتـەی تەمـەنی نمونـەی وەگـیراو پێکـدەهێنێت، کـە دەکاتـە (2،8%) کـۆی دانیشـتوان، وەکو گروپەکانی تر جیاوازی هەیە لە ڕێژەکەی لە پرۆژەکانـدا و بـەرزترین ڕێـژەی لـە پـرۆژەی (شـاری گۆیژە)یە بـە ڕێـژەی (7،9%) بـەهۆکاری بـونی ڕێژەیـەکی زۆری دانیشـتوان لەوانەی گەیشتونەتە تەمەنی خانەنشینی و بەدوای ژینگەیەکی ئارامـدا دەگـەڕێن بـۆ نیشـتەجێبون، بـەدوای ئـەوەدا ڕێژەکـە لـە پرۆژەکانی (شـاری شـنیار، بەرزاییەکانی قـەیوان ، قـەیوان سـتی، دەروازە ستی، جاف تاوەر، کورد ستی، گوڵی شار، کەنەکەوە، دیــلان ســتی) بریتییــە لــە (4،7%، 4،4%، 3،8%، 3،5%، 3%، 3،4%، 2،9%، 2%، 0،7%، 0،6%)، کە چـوار پـرۆژەی کۆتـا پرۆژە نزمە لە ڕووی تێچوونەوە و زیاتر تەمەن گەنجەکان تێیدا نیشتەجێ دەبن، لە کۆتاییدا ڕێژەکە لە پرۆژەکانی (جوان تاوەر، شاهین ستی، شاری نمونەیی، هەواری زانکۆ، برایەتی سەردەم 0%) . لە کۆتاییدا ئەوەی تێبینی دەکرێت گروپی بەساڵاچوان ڕێژەیان لە پرۆژە تێچوو بەرزەکان زیاترە کە ئاماژەیە بۆ جێگیری و بـاشی دۆخی دارایـیـان و لـەو تەمەنـەدا بـەدوای ژینگەیـەکی ئارامـدا دەگـەڕێن بـۆ ژیـان کـە پێویسـتییە سـەرەکییەکانی ژیـانی ڕۆژانەی تێدا دابین کرابێت، وە لەسەردانی مەیدانی بۆ پرۆژەکان دەکەوت زۆرینەی ئەو گەنجانەی ژیانی هاوسەرگیری ئەنجام دەدەن و ئارەزوی سەربەخۆیی دەکەن و توانای داراییان نزمە ڕوو دەکەنە پرۆژە تیچوو نزمەکانی وەك (کورد ستی و گوڵی شار و دیلان ستی1...هتد) .

**2-1 پێکهاتەی جۆر:** بەڕێژەی جۆر ناودەبرێت و بریتییە لە ژمـارەی ڕەگـەزی نـێر بـۆ هـەر سـەد کـەس لـە دانیشـتوان لـە ڕەگـەزی مێ[(*)]، سروشـتی ڕێـژەی جـۆر کاریگـەری بەهێزی هەیـە لەسـەر چالاکییـە ژیارییـەکانی کۆمەڵگـە (خورشـید، 2016، ص33)، لەبەرئەوە گرنگی زۆری هەیە بەهۆی پەیوەست بونی بە چەنـدین تایبەتمەنـدی دانیشـتوانەوە و کاریگـەری و کاریگـەر بونی پێوەی، زۆربونی ژمارەی نێر و مێ کاریگەری گەورەی هەیە لەسـەر لایـەنی ئـابوری و کۆمەڵایـەتی (خورشـید، 2016، ص72)، وەکـو کاریگـەری ڕاسـتەوخۆی لەسـەر لـەدایکبون و مردن و کۆچ وهاوسەرگیری و دیاری کردنی هێزی کار (أبوعيانة، 1989، ص388)، ڕێژەی جۆر لە شاری سلێمانی (100) کەس لە ڕەگەزی نێر بەرامبەر (100) کەس لە ڕەگەزی مێ (وەزارەتی

---

[(*)] ڕێژەی جـۆر = ژمارەی نێر/ ژمارەی مێ × 100 بروانە (احمد اسـماعيل، أسس علم السكان وتطبيقات الجغرافية، ط2، دار الثقافة للنشر، قاهرة، 1977، ص83 ) .

پلاندانان، 2019، ل15)، لە داتاكانی خشتەی (3) دەردەكەوێت ڕێژەی جۆر (94نێر بەرامبەر 100 مێ) لە نمونەی وەرگیراو لە پرۆژەكانی نیشتەجێبونی ستونی لە شاری سلێمانی، ئەم ڕێژە لە پرۆژەكان بەجیاواز دەردەكەوێت و دەكرێت دابەشی بكەین بۆ سێ ئاست:

1- ڕێژەی جۆر لە پرۆژەكانی (دیلان ستی و قەیوان ستی1) لە دۆخی ئاساییدایە بە ڕێژەی (104بەرامبەر 100) .
2- ناهاوسەنگی هەیە لە ڕێژەی جۆر لە پرۆژەی (دەروازە ستی2) بەرێژەی (110 بەرامبەر 100) واتا زیاترە لە دۆخی ئاسایی ڕێژەی جۆر .
3- بەهۆی كەمی ژمارەی ڕەگەزی نێر ڕێژەی جۆر لە پرۆژەكانی (بەرزاییەكانی قەیوان 97، جاف تاوەر 93، گوڵی شار92، شاری گۆیژە 92، كەنەكەوە 92، هەواری زانكۆ 91، كوردستی2 89، شاری نمونەیی 86، برایەتی سەردەم 82، شاهین ستی 81، جوان تاوەر 70، شاری شنیار 65) بەرامبەر 100 كەس لە ڕەگەزی مێ، بەگشتی ڕێژەكە كەمترە لە ڕێژەی جۆر لەسەر ئاستی گشتی پرۆژەكان .

یەكێك لە پێوەرە گرنگەكان كە لە خستنەڕووی تایبەتمەندی تەمەنی دانیشتوان پێی دەگەین (ڕێژەی بەخێوكردنە)، كە بریتییە لە زانینی ڕێژەی دانیشتوانی بێ بەرهەم لە ڕووی ئابورییەوە لە كۆی دانیشتوان (الشبري، 2005، ص198)، ڕێژەی بەخێوكردن لە شاری سلێمانی (35،2%) لە ساڵی 2019، بەڵام لە پرۆژەكانی نیشتەجیبونی ستونی (32،5%) بەهۆكاری كەمی ڕێژەی تەمەن بچوك و بەساڵاچووان ڕێژەكە بەشێوەیەكی جیاواز لە پرۆژەكان دەردەكەوێت، كەمترین ڕێژەی بەخێوكردن لە پرۆژەكانی (كورد ستی، برایەتی سەردەم، شاری گۆیژە، بەرزاییەكانی قەیوان، جاف تاوەر، شاهین ستی) بە ڕێژەی (24%، 25،5%، 26%، 30،7%، 31%، 31،6%) كە لە تێكڕای گشتی كەمترە، ڕێژەكە لە پرۆژەكانی (شاری شنیار، قەیوان ستی1 ) بە (32،6%، 32،7%) نزیكە لە تێكڕای گشتی، هەرچی پرۆژەكانی (كەنەكەوە، شاری نمونەیی، دەروازە ستی، دیلان ستی، گوڵی شار، هەواری زانكۆ) بەرێژەی بەخێوكردن (33،8%، 34،6%، 35،7%، 36،7%، 37%، 38،3% ) ڕێژەكەیان بەرزترە لە تێكڕای گشتی بەهۆكاری بەرزی ڕێژەی تەمەن منداڵ.

## 2-تایبەتمەندی كۆمەڵایەتی و شارستانییەكان:

### 2-1-باری هاوسەرگیری سەرۆك خێزان:

هاوسەرگیری دیاردەیەكی دیمۆگرافی گرنگە لەهەموو كۆمەڵگەكان و ڕۆڵی گرنگی هەیە لە دروستكردنی خێزان لەرێگەی ئەنجامدانی و یاخود هەڵوەشانەوەی بەهۆكاری جیابونەوە یاخود بێوەیی، پێكهاتەی تەمەن و جۆر كاریگەری ڕاستەوخۆی هەیە لەسەر ئەم تایبەتمەندییە، هەروەها دۆخی ئابوری و كۆمەڵایەتی ئاراستەكانی دیاری دەكات، ئامانجی ئەم بابەتە خوێندنەوەی باری هاوسەرگیری سەرۆك خێزانە لە پرۆژەكانی نیشتەجێبونی ستوونی لەسەر بنەمای ڕەگەزەكانی سەڵت، هاوسەری هەیە و گروپی جیابووەوە و بێوەیی (بێوەژن و بێوەپیاو) .

خشتەی (4) دەری دەخات ڕێژەی (90،1%) سەرۆك خێزانەكان هاوسەریان هەیە و بەدوای ئەودا ڕێژەی (5،5%) گروپی بێوەیی (جیابووەوە، ژن مردوو، مێرد مردوو)، هەروەها (4،4%) سەرۆك خێزان سەڵتە واتا هاوسەرگیری ئەنجام نەداوە، بوونی ئەم ڕێژە لە گروپی كۆتایی ئاماژەیە بۆ ئەوەی ژمارەیەك لە سەرۆك خێزانەكان ئەكرێت بەهۆی باشی دۆخی داراییان شێوازی سەربەخۆیی ژیانیان هەڵبژاردوە دوور لە كەسوكارییان، ئەم ڕێژە جیاوازە لە نێوان پرۆژەكان و بەرزترین ڕێژەی سەرۆك خێزان كە هاوسەری هەیە لە پرۆژەكانی (شنیار ستی، جوان تاوەر، شاهین ستی، شاری نمونەیی، جاف تاوەر، كەنەكەوە ) بەرێژەی (100%)، و بەرزترین ڕێژەی گروپی بێوەیی لە پرۆژەی برایەتی سەردەم بە ڕێژەی (23،1%) و بەرزترین ڕێژەی سەڵت لە پرۆژەی دیلان ستی بە ڕێژەی (12%) .

### 2-2-قەبارەی خێزان:

زانینی قەبارەی خێزان لە كارە گرنگەكانە، كە لەسەر بنەمای ژمارەی خێزانەكان و ژمارەی تاكەكانی خێزان ژمارەی پێویست لە یەكەی نیشتەجیبون دیاری دەكرێت، هەروەك كێشەی نیشتەجیبون و تێكڕای بەكارهێنان و جەنجاڵی دیاری دەكات، خێزان بریتییە لە كۆمەڵە كەسانێك پەیوەندی خێزانیان پێكەوە هەیە و لە یەكەیەكی نیشتەجێبوندا دەژین (ژورێك یاخود زیاتر) هاوبەشی دەكەن لە چالاكی جۆراوجۆردا لەوانە ئامادەكردنی خۆراك و بەڕێوەبردنی ماڵ، دوو جۆر خێزان هەیە، یەكەم خێزانی بچوك، كە پێكهاتووە لە باوك و دایك و منداڵەكانیان، دووەم خێزانی گەورە كە پێكهاتووە لە دوو خێزانی بچوك یان زیاتر وەكو باوان و منداڵەكانیان كە هاوسەرگیریان كردووە (الرحمانی، 2012، ص20-21) .

گرنگترین هۆكارە كۆمەڵایەتییەكان كە بەشداری كردوە لە بەرەوپێشچوونی ئەركی نیشتەجێبونی شار و دەركەتنی شێوازی نیشتەجێبونی ستونی گۆڕانكارییە لە سوڕی ژیانی خێزان، دروستبونی خێزانی بچوك واتا زیادبونی داواكاری لەسەر یەكەی نیشتەجێبون یاخود زۆربونی خواست لە بازاڕی نیشتەجێبون، ئاراستەی كۆمەڵگە لە هەرێمی كوردستان بەگشتی و شاری سلێمانی بە تایبەت بەرەو پێكهێنانی خێزانی بچوك و سەربەخۆیە، بە درێژایی سێ دەیەی ڕابردوو قەبارەی خێزان لە شارەكە بەرەو بچوكبونەوە ڕۆیشتوە، قەبارەی خێزان لە

(6،6کەس/ خێزان) لە ساڵی 1987 (عوسمان، 2021، ل13) دابەزیوە بۆ (4،6 کەس/ خێزان) لە ساڵی 1991 و (5،6 کەس/ خێزان) لە ساڵی 2009 و (5 کەس/ خێزان) لە ساڵی 2016 و (4،8 کەس/ خێزان) لە ساڵی 2018 (ئاماری سلێمانی، 2019، ل13) و (4،6 کەس/ خێزان) لە ساڵی 2020 (عوسمان، 2021،ل13)، بۆیە چاوەڕوانکراوە ئەم گۆڕانکارییە کۆمەڵایەتیيانە کاریگەری لەسەر بازاڕی نیشتەجێبون هەبێت، بەهۆکاری گۆڕانکارییە ئابوری و کۆمەڵایەتی و ڕۆشنبیرییەکان خێزانە تازە دروستبوەکان یاخود گەنجەکان ئارەزوی سەربەخۆیی دەکەن چ وەك کرێنشین یاخود خاوەندارێتی یەکەی نیشتەجێبون، بەمەش هەرچەندە ژمارەی دانیشتوان جێگیر بێ، بەڵام داواکاری لەسەر دابینکردنی یەکەی نیشتەجێبون بەردەوام لە زیادبوندایە (محمود، 2017، ص157).

خشتەی (5) قەبارەی خێزان لە پرۆژەکانی نیشتەجیبونی ستونی روون دەکاتەوە، بە گشتی قەبارەی خێزان (3،6) کەسە، (55،5%) خێزانەکان قەبارەیان (4-5) کەسە، بەدوای ئەوەدا ئەو خێزانانە دێت قەبارەیان (1-3) کەسە بە ڕێژەی (40،6%) ئەمە دەری دەخات خێزانی تازە پێکهاتوو و ئەو خێزانانەی پرۆگرامی ڕێکخستنی خێزان بەکار دەهێنن لەگەڵ ئەوانەی کوڕ و کچەکانیان هاوسەرگیریان کردوە زۆرینەی دانیشتوانی پرۆژەکانی نیشتەجێبون پێکدەهێنن، لە کۆتاییدا خێزانی گەورە ئەوانەی ژمارەی ئەندامەکانیان (6 و زیاتر) ڕێژەی (3،9%) خێزانەکان پێکدەهێنن کە کەمترین ڕێژەیە، بەمەش دەردەکەوێت زیاتر خێزانی قەبارە بچوك خواستی ژیانی یەکەکانی نیشتەجێبونی ستوونیان هەیە .

ئەوەی تێبینی دەکرێت لە خشتەی ئاماژە پێکراو کەمترین ڕێژەی خێزانی بچووك بە (7،1%) و زۆرترین ڕێژەی خێزانی قەبارە گەورە (6+) بە ڕێژەی (35،7) دەکەوێتە پرۆژەی نیشتەجێبونی (کەنەکەوە)، کە لە لایەن بەڕێوەبەرایەتی ئاوەدانکردنەوە و نیشتەجێبونی سلێمانی بۆ خێزانی هەژار و کەم دەرامەت دروستکراوە، لە هەمان کاتدا زۆرترین ڕێژەی خێزانی بچوك دەکەوێتە پرۆژەی (شاری شنیار) بە ڕێژەی (61،5%) خێزانەکان .

### 3-2-تایبەتمەندی خوێندەواریی:

بۆ زانینی ئاستی ڕۆشنبیری خێزانەکان پێوەری ڕوون نیە، بەو هۆکارە پەنا دەبەینە بەر دیاریکردنی ئاستی خوێندەواری سەرۆك خێزان و هاوسەر لە پرۆژەکانی نیشتەجێبون لەسەر بنەمای (بێ بروانامە، و بروانامەی بنەڕەت، ئامادەیی، دبلۆم، بەکالۆریۆس، باڵا)، خشتەی (6) ژمارە و ڕێژەی بروانامەی سەرۆك خێزان ڕوون دەکاتەوە لە ناوچەی توێژینەوە، زۆرترین سەرۆك خێزانەکان هەڵگری بروانامەی بەکالۆریۆسن بە ڕێژەی (42%) و بەدوی ئەوەدا هەڵگرانی بروانامەی (دبلۆم 17%، ئامادەیی 15%، خوێندنی باڵا و بێ بروانامە 10%، بنەڕەت 6%)، ئەم ڕێژانە لەسەر ئاستی پرۆژەکان جیاوازە و بەرزترین ڕێژەی بێ بروانامە لە پرۆژەی نیشتەجێبونی (کەنەکەوە) بە (61%) و بەرزترین ڕێژەی بروانامەی بنەڕەت لە هەمان پرۆژەیە بەڕێژەی (18%)، کە ئەم پرۆژە تایبەتە بە خێزانی هەژار و کەم دەرامەت، بەرزترین ڕێژەی هەڵگرانی بروانامەی ئامادەیی لە پرۆژەی نیشتەجێبونی (گوڵی شار) بە ڕێژەی (30%) و بەرزترین ڕێژەی بروانامەی دبلۆم لە پرۆژەی (جاف تاوەر) بە ڕێژەی (33%) و بەرزترین ڕێژەی بروانامەی بەکالۆریۆس لە پرۆژەی (قەیوان ستی1) بەڕێژەی (64%) و بەرزترین ڕێژەی بروانامەی باڵا لە پرۆژەی (جوان تاوەر) بەڕێژەی (67%) نمونەی ناوچەی توێژینەوە، بەگشتی هەڵبژاردنی شێوازی نیشتەجێبون تا ڕادەیەکی بەرچاو پەیوەندی بڕوانامەوە هەیە و کاریگەری لەسەر ئاشنابوون بە یاساکانی ژیان لە پرۆژەکانی نیشتەجێبونی ستوونی هەیە .

سەبارەت بە بروانامەی هاوسەر هاوشێوەی سەرۆك خێزان زۆرترین ڕێژە هەڵگرانی بروانامەی بەکالۆریۆسە بە ڕێژەی (43،6%) کۆی نمونەی ناوچەی توێژینەوە و بەدوای ئەوەدا هەڵگرانی بروانامەی ( دبلۆم 20،2%، بێ بروانامە 13،9%، بنەڕەت 10،4%، ئامادەیی 8،7%، باڵا 3،2%) بەدوای یەکدا دێت، لەسەر ئاستی پرۆژەکان ڕێژەکان جیاوازە، بەرزترین ڕێژەی بێ بروانامە لە پرۆژەی کەنەکەوەیە بە (67،9%) و بەدوای ئەوەدا بەرزترین ڕێژەی بروانامەی بنەڕەت لە پرۆژەی (شاری نمونەیی) بەڕێژەی (28،6%) و بەرزترین ڕێژەی بروانامەی ئامادەیی لە پرۆژەی (شاهین ستی) بەڕێژەی (20%) و بەرزترین ڕێژەی بروانامەی دبلۆم لە پرۆژەی (شاری نمونەیی) بە ڕێژەی (42،9%) و بەرزترین ڕێژەی هەڵگرانی بروانامەی بەکالۆریۆس لە پرۆژەی (دەروازە ستی) بە ڕێژەی (72،5%) و لەکۆتاییدا بەرزترین ڕێژەی هەڵگرانی بروانامەی (باڵا) لە پرۆژەی (جوان تاوەر) بە (33%)، بڕوانە خشتەی (7) .

### 3-تایبەتمەندی ئابوری:

هۆکارە ئابورییەکان بە گرنگترین هۆکار دادەنرێت لە دیاریکردن دۆخی نیشتەجێبون، تاوەکو دۆخی ئابوری دانیشتوان خراپ بێت کێشەی نیشتەجێبون زیاتر تەشەنە دەکات و توانای دابینکردنی یەکەیەکی نیشتەجێبونی گونجاو لاواز دەبێ، ئەم کێشە قەبارەکەی گەورەتر دەبێت بە زۆربونی ژمارەی ئەو خێزانانەی توانای کرینی یەکەی نیشتەجێبونی گونجاویان نیە (عمر، د.ت، ص70)، لە لایەکی ترەوە نرخی زەوی وەکو هۆکارێکی ئابوری جۆری بەکارهێنانی زەوی و جۆری بینا و بەرزییەکەی دیاری دەکات.

دۆخی نیشـــتەجیبونی دانیشـــتوان پەیوەســـتە بـــە دۆخی ئابوورییانەوە، هەوڵدانی خێزان بۆ بەدەستهێنانی شوێنی گونجاو بۆ نیشتەجیبون و خەرجکردن بۆ ئەو مەبەستە پەیوەستە بە دۆخی ئابوورییانـەوە، بەرزبونـەوەی داهاتی تـاك بـە واتـای بـاش بـونی دۆخی بژێـوی دێـت، کـە هـانی تاکـەکان دەدات بـۆ جێبـەجێکردن و دابینکـردنی پێویسـتی و خواسـتەکانیان، خاوەنــدارێتی کــردنی یەکەیــەکی نیشــتەجێبونی گونجــاو و تەندروست لەسەروی پێویستییەکانی مرۆڤ دێت، داهاتی کەم توانای خێزانەکان لە خاوەندارێتی کردن یاخود بە کرێ گرتنی یەکەی نیشتەجێبون دیاری دەکات، لەبەر ئەوەی کڕینی یەکی نیشـتەجێبون گـەورەترین ئاڵنگارییەکانـە ڕووبـەڕووی خـێزان دەبێتـەوە، بەهۆکاری بێ توانای هەنـدێك لـە خێزانەکان ناچار دەبن لە یەکەی نیشتەجێبونی نەگونجاودا نیشتەجێبن، هەر ئەمـەش هۆکارە بـۆ دەرکـەوتنی خـانوی هەڕەمـەکی و دیـاردەی زیـادەڕەوی لـەو ناوچانـەی تـەرخان نـەکراون بـۆ بـەکارهێنانی نیشـتەجیبون، زۆربـەی ئـەو یەکانـە بـە کەرەسـتەی هـەرزان و شێوازی نەگونجاو بۆ نیشتەجیبونی مرۆڤ دروست دەکرێن .

داهـاتی خـێزان کاریگـەری گـرنگی هەیـە لەسـەر دیـاریکردنی خواست لەسەر نیشتەجێبون لە رێگەی تەرخانکردنی بەشێك لـە داهاتـەکانیان بـۆ دروسـتکردن و بـەکرێ گـرتنی یەکـەی نیشـتەجیبون، هەنـدێك لـە توێژینـەوەکان گەیشـتونەتە ئـەو ئەنجامـەی زۆربـونی داهـات بـەڕێژەی (2%) دەبێتـە هـۆی زۆربـونی خواستی ڕاستەقینە لەسـەر نیشتەجێبون بـە ڕێـژەی (1،5-2%)، هـەروەها پەیوەنـدی هاوتـەریب هەیـە لـە نێـوان زۆربـونی خواسـت و بەرزبونـەوەی نـرخی خانوبـەرە و کـرێ (الغزالي، 2007، ص138) .

تایبەتمەندی پیشـەیی یەکێك لە تایبەتمەندییە گرنگەکانە، کە کاریگـەرییان لەسـەر شـوێنی نیشـتەجیبون و جـۆر و شـێواری گـوزەرانی دانیشـتوان هەیـە، ئـەو تایبەتمەندییـە ئابورییـە لـە ناوچەی توێژینەوە بەو شێوەی لای خوارەوەیە:

## پێکهاتەی پیشـەیی:

مەبەسـت لـە جـۆری پیشـەیە، ئـەوەی تـاك ئـەنجای دەدات بەمەبەسـتی دابینکردنی بژێوی ڕۆژانە و پێویستییەکانی خێزان، لەڕێگەی ئەزموون یاخود بڕوانامەوە تاك بەدەستی دەهێنێت، جـۆری پیشـەکان دابـەش کراوەتـە سـەر سێ جـۆر (فەرمانبـە-کەرتی تایبەت و کەرتی گشتی-، کاسب، خانەنشین)، هەروەك ئـەم پرسـیارە تـەنها تایبـەت بـوو بـە سـەرۆك خـێزان و هاوسـەرەکەی، بەسـەرنج دان لـە خشـتەی (8) دەردەکـەوێت زۆرینـەی سـەرۆك خێزانەکان پیشـەیان فەرمانبـەرە بـە ڕیـژەی (62،5%) و ڕێـــژەی (26،3%) کاســـب، کـــە پێشـــەی جۆراوجۆریان هەیە، پاشان (خانەنشین) ڕێژەی (9،4%) کۆی ســـەرۆك خێزانـــەکان پێکـــدەهێنێت، بـــەهۆکاری جیـــاواز (جیابونەوە، مردنی هاوسەر) ژمارەیەك لە خێزانەکان ڕەگەزی مێ سـەرۆکایەتییان دەکات، لەو ژمارە (1،8%) ژنی ماڵەوەیە و پیشـەی نیـە، بەگشـتی ئـەم ڕێـژە لـە پرۆژەکان جیـاوازی زۆری تێدایە و دەتوانین پۆلێنی بکەین بۆ چەند ئاستێك:

1-ئەو پرۆژانەی پیشـەی زۆرینـەی دانیشتوانەکەی فەرمانبەرە (هـەواری زانکـۆ 93،5%، شـاهین سـتی 90%، قـەیوان سـتی 78،6%، بەرزاییـــەکانی قـــەیوان 79،4%، شـــاری نمونـــەیی 71،4%، کورد ستی 71%، شاری شنیار 69،2%، جوان تاوەر 66،7%، دەروازە سـتی2 5،61%، دیـلان سـتی 60%، برایـەتی سـەردەم 53،8%، شـاری گـۆیژە 51،9%) کاریگـەریی پیشـە لەسەر شوێنی نیشتەجێبون ڕوونە وەك ڕوونە پرۆژەی هەواری زانکۆ تایبەت بۆ فەرمانبەرانی زانکۆی سلێمانی دروستکراوە، لە هەنـدی پـرۆژە کـە تێچـوونی دروسـتکردن و خزمـەتگوزارییان بەرزە ئەو فەرمانبەرانە نیشتەجێن مووچەی مانگانەیان بەرزە و پرۆژە دورەدەست و تێچوو نزمەکان فەرمانبەری کەم مووچەی تێدا نیشتەجێیە .

2-پیشـەی دانیشـتوانی پرۆژەکانی (جـاف تـاوەر ) دابـەش بـووە بەسـەر فەرمانبـەر و کاسـب بـەڕێژەی (44،4%) و خانەنشـین بەڕێژەی (11،1) .

3-زۆرینەی دانیشتوانی هەردوو پرۆژەی گوێی شار و کەنەکەوە بـەڕێژەی (53،3%) و (46،4%) پیشــەیان کاســبە، پــرۆژەی یەکـەم پـرۆژەی وەبەرهێنانـە و لـە ڕووی نرخـەوە یەکـەکانی هـەرزانترینی پرۆژەکانی وەبەرهێنانە و هیچ خزمەتگوزاری نیە، هەروەها پرۆژەی کەنەکەوە بۆ خیزانی هەژار و کەم دەرامەت دروستکراوە .

4-زۆرتـرین ڕێـژەی خانەنشـینی لـە پـرۆژەی شـاری گۆیژەیـە بـە (29،1%)، کـە تێچووەکـەی بـەرزە و دەکەوێتـە شـوێنێکی گونجـاوی شـارەوە و خزمـەتگوزاری ژێرخـانی تارادەیـەکی بـاش دابین کراوە تێیدا .

تایبەت بە پیشەی هاوسەر لە خشتەی (9) وەك دەردەکەوێت (66،8%) هاوسـەرەکان لـە پرۆژەکـانی نیشـتەجێبون پیشـەی فەرمانبەریان هەیە بەدوای ئەوەدا (31،2%) هاوسەرەکان ژنی ماڵـەوەن و (2%) خانەنشـین، ڕێژەکـەش جیاوازە بەشـێوەیەك دەتوانین دابەشی سەر دوو گرووپی بکەین:

1-گـــرووپی یەکـــەم زۆرینـــەیان فەرمانبـــەرن (هـــەواری زانکـــۆ86،7%، قـــەیوان ســـتی1 84،6%، دەروازە ســـتی2 82،4%، بەرزاییـەکانی قـەیوان 80%، شـاهین سـتی 80%، شـاری شـنیار 76،9%، جـوان تـاوەر 66،7%، دیـلان سـتی 73،2%، شـاری گـۆیژە 70،8%، کـورد سـتی 63%، شـاری نمونەیی 57،1%، جاف تاوەر 55،6% ).

2-پرۆژەکـانی (کەنەکـەوە، گـوێی شـار، برایـەتی سـەردەم ) زۆرینـــەی هاوســـەرەکان ژنی ماڵـــەوەن بـــەڕێژەی (88،5%،

7،60%، 60%)، بەراوردکردنی ڕێژەکان و نرخی یەکەکانی ئەو پرۆژانــە بــەڕوونی کاریگــەری پیشــەی هاوســەرەکان روون دەکاتەوە، بەوپێیەی هاوسەرەکان هاوکاری سەرۆك خێزانن لە دابینکردنی پێویستییەکانی ماڵەوەی خێزان .

## ئەنجام:

1-قـەبارەی دانیشـتوانی شـاری سـلێمانی گۆڕانکـاری بەسـەردا هـاتووە لە (35520) کەس لە سـاڵی (1947) بـۆ (872780) کەس لە ساڵی (2020) بە زۆربونی ڕەهای (837260) کەس .

2-گەشــەی دانیشــتوان لــە نێــوان ئــەو دوو مــاوە زەمەنییــەدا جیاوازە واتا گەشەی دانیشتوان بەیەك ئاست نەبووە، بەڵکو جیاوازە بە پێی قۆناغەکانی فراوانبونی شار .

3-تایبەتمەنـدی دانیشـتوانی پرۆژەکـانی نیشـتەجێبونی سـتونی جیاوازە بە جیاوازی پرۆژەکان لەڕووی نرخی یەکەکانەوە، بۆ نمونە زۆرترین ڕێژەی بەساڵاچوان لە پرۆژە تێچـوو بەرزەکانە (شاری گۆیژە 7،8%، شاری شنیار 7،4%، بەرزاییەکانی قەیوان 4،4% ) بــەهۆکاری جێگــیری دۆخی داراییــان و هــەڵبژاردنی شـوێنێك زۆرتـرین هۆکارەکـانی ئـارامی تێـدا فـەراهام کرابێـت، لەکاتێکــدا زۆربــەی گەنجــەکان ئەوانــەی تــازە پرۆســەی هاوســەرگیری ئــەنجام دەدەن بــەهۆکاری نــاجێگیری دۆخی داراییان پرۆژە نزمەکان (3-4) نهۆم هەڵدەبژێرن، کە نرخیان نزمترە، هەروەها لەسەر بنەمای لایەنی بەرپرس لە مۆڵەت دان بــۆ دروســتکردن،پرۆژەی کەنەکــەوە کــە بەڕێوەبەرایــەتی ئاوەدانکردنـەوە بـۆ خـێزانی هـەژار و کـەم دەرامـەت دروسـتی کـردوە زۆرتـرین ڕێـژەی خـێزانی گـەورەی تێـدا نیشـتەجێیە (35،7%) کە لە پرۆژەکان وەبەرهێنان ئەم حاڵەتە نابینرێت .

4-تایبەتمەنـدی دانیشـتوان هۆکارە بـۆ سـەرهەڵدانی شـێوازی ستونی لە نیشتەجێبون، کە جیاوازە لە ژینگەی نیشتەجێبونی ئاسۆیی، دیارترینیان قەبارەی خێزانە، کە (40،6% ) قەبارەی خێزانەکان لە پرۆژەکانی نیشتەجێبونی ستونی بچوکە(1-3) و (55،5%) قەبارەی مام ناوەندە (4-5) کەس .

## ڕاسپاردە:


1-ئەنجام دانی سەرژمێری و پابەندبوون بە ماوەی زەمەنی هەر دە ساڵ جارێك بۆ زانینی ژمارە و تایبەتمەندی دانیشتوان بە دروستی دور لە پشت بەستن بە خەمڵاندن، کە لە ڕاستییدا جێگرەوەی داتا و زانیارییەکانی سەرژمێری نیە .

2-لەسەر بنەمای داتا و زانیارییەکانی دانیشتوانی شاری سلێمانی پــرۆژەی نیشــتەجێبونی ســتونی جیــاواز لــە ڕووی قــەبارە و دیزاینەوە دروست بکرێت، کە پێویستییەکانی هەموو چین و توێژە جیاوازەکان دابین بکات .

3-دابینکــردنی خزمــەتگوزاری تەندروســتی و چارەســەری پێویست بۆ گروپی بەساڵاچوان بەو شێوەی گونجاوە لەگەڵ قەبارە و پێویستییە ڕاستەقینەکانی ڕۆژانەیان .

3-دابینکردنی هەلی کار بۆ گەنجان لە هەردوو ڕەگەز بۆ ئەوەی پرۆژەکــانی نیشــتەجێبونی ســتونی تــەواوی ئامانجــەکانی نیشتەجێبونی گونجاو بەدەست بهێنێت .


نەخشەی (1)شوێنی جوگرافی ناوچەی توێژینەوە بەپێی پارێزگای سلێمانی و نەخشەی کارگێری هەرێمی کوردستان



سەرچاوە :کاری توێژەر پشت بەستن بە:-سەرۆکایەتی شارەوانی سلێمانی، بەشی ماستەرپلان، هۆبەی.(GIS)

- ســـــایتی (دەســـــتەی ئامـــــاری هـــــەرێم) https://krso.gov.krd/ku/map

خشتەی (1) گەشەی دانیشتوانی شاری سلێمانی لە ماوەی نێوان (1947-2020) شێوەی (1) گەشەی دانیشتوانی شاری سلێمانی لە ماوەی نێوان (1947-2020)




| ساڵ | ژمارەی دانیشتوان | زیادبونی دانیشتوان | ڕێژەی گەشە % |
|---|---|---|---|
| 1947 | 35520 | - | - |
| 1957 | 48812 | 13292 | 3,2 |
| 1965 | 98333 | 49521 | 9,1 |
| 1977 | 175413 | 77080 | 4,9 |
| 1987 | 339310 | 163710 | 6,9 |
| 2002 | 569123 | 229813 | 3,5 |
| 2009 | 595238 | 26115 | 1,7 |
| 2020 | 872870 | 277632 | 2,2 |
| -1947 2020 | - | 837350 | 4,5 |

خشـتەی (1) گەشـەی دانیشـتوانی شـاری سـلێمانی لـە مـاوەی نێوان (1947-2020) شـێوەی (1) گەشـەی دانیشـتوانی شاری سلێمانی لە ماوەی نێوان (1947-2020)

سـەرچاوە: کـاری تـوێژەر پشـت بەسـتن بـە خشـتەی (1) .

سەرچاوە کاری توێژەر پشت بەستن بە:

- مديريـة النفـوس العامـة، احصـاء السـكان لسـنة(1947)، بغداد،1954، جدول رقم(1)، ص153.

-كـامران طـاهر سـعيد، توسـع مدينـة سـليمانية بتـأثير الاسر الحضـري، اطروحـة دكتـورا، جامعـة سـليمانية، كليـة العلـوم الانسانية،2011، ص45 .

-وزارة التخطيط، الجهاز المركزي للاحصاء، نتائج التعداد العام للسكان لسنة 1977، جدول رقم (3)، ص5 .

- وزارة التخطـيط، الجهـاز المركـزي للاحصـاء، نتـائج التعـداد العام للسكان لسنة 1987، جدول رقم (1ح)، ص3.

-مديريـة احصـاء السـليمانية، المـؤشرات السـكانية و البـنى الارتكازية لأقليم كوردستان العراق لسنة 2002، ص29 .

-بەڕێوەبەرایەتی ئاماری سلێمانی، ڕاپۆرتی ئاماری دیموگرافی دانیشتوانی پارێزگای سلێمانی و هەڵەبجە و ئیدارەکان، 2019، ل11 .

خشتەی (2) تایبەتمەندی تەمەنی دانیشتوانی ناوچەی توێژینەوە

| ز | ناوی پرۆژە | 14-0 | % | 64-15 | % | 65 و زیاتر | % | کۆی گشتی |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| 1 | گوڵ شار | 35 | 35 | 63 | 63 | 2 | 2 | 100 |
| 2 | دیلان سیتی | 58 | 36.3 | 101 | 63.1 | 1 | 0.6 | 160 |
| 3 | شاری شنیار | 12 | 27.9 | 29 | 67.4 | 2 | 4.7 | 43 |
| 4 | کورد سیتی 2 | 22 | 21.2 | 79 | 76 | 3 | 2.9 | 104 |
| 5 | شاری گۆیژە | 35 | 18.5 | 139 | 73.5 | 15 | 7.9 | 189 |
| 6 | جوان تاوەر | 5 | 33.3 | 10 | 66.7 | 0 | 0 | 15 |
| 7 | فەیوان سیتی1 | 15 | 28.8 | 35 | 67.3 | 2 | 3.8 | 52 |
| 8 | شاهین سیتی | 12 | 31.6 | 26 | 68.4 | 0 | 0 | 38 |
| 9 | دەروازە سیتی2 | 65 | 32.2 | 130 | 64.4 | 7 | 3.5 | 202 |
| 10 | شاری نموونەیی | 9 | 34.6 | 17 | 65.4 | 0 | 0 | 26 |
| 11 | هەواری ژانکۆ | 49 | 38.3 | 79 | 61.7 |  | 0 | 128 |
| 12 | بەرزاییەکانی فەیوان | 30 | 26.3 | 79 | 69.3 | 5 | 4.4 | 114 |
| 13 | جاف تاوەر | 8 | 27.6 | 20 | 69 | 1 | 3.4 | 29 |
| 14 | برایەتی سەردەم | 13 | 25.5 | 38 | 74.5 | 0 | 0 | 51 |
| 15 | کەتەکەوە | 49 | 33.1 | 98 | 66.2 | 1 | 0.7 | 148 |
|  | کۆی گشتی | 417 | 29.8 | 943 | 67.4 | 39 | 2.8 | 1399 |

سەرچاوە:فۆرمی ڕاپرسی

خشتەی (3) پێکهاتەی جۆر لە پرۆژەکانی نیشتەجێبونی ستونی لە شاری سلێمانی

| ز | ناوی پرۆژە | ژمارەی نێر | ژمارەی مێ | ڕێژەی جۆر |
|---|---|---|---|---|
| 1 | گوڵ شار | 48 | 52 | 92 |
| 2 | دیلان سیتی | 76 | 83 | 104 |
| 3 | شاری شنیار | 17 | 26 | 65 |
| 4 | کورد سیتی 2 | 49 | 55 | 89 |
| 5 | شاری گۆیژە | 92 | 100 | 92 |
| 6 | جوان تاوەر | 7 | 10 | 70 |
| 7 | فەیوان سیتی1 | 28 | 27 | 104 |
| 8 | شاهین سیتی | 17 | 21 | 81 |
| 9 | دەروازە سیتی2 | 97 | 88 | 110 |
| 10 | شاری نموونەیی | 12 | 14 | 86 |
| 11 | هەواری ژانکۆ | 61 | 67 | 91 |
| 12 | بەرزاییەکانی فەیوان | 56 | 58 | 97 |
| 13 | جاف تاوەر | 14 | 15 | 93 |
| 14 | برایەتی سەردەم | 23 | 28 | 82 |
| 15 | کەتەکەوە | 71 | 77 | 92 |
|  | کۆی گشتی | 678 | 721 | 94 |

سەرچاوە: فۆرمی ڕاپرسی .

خشتەی (4) باری خێزانی سەرۆك خێزان

| ز | ناوی پرۆژە | خێزاندار | % | سەڵت | % | بێوەژن | % | کۆی گشتی |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| 1 | گوڵ شار | 26 | 86.7 | 2 | 6.7 | 2 | 6.7 | 30 |
| 2 | دیلان سیتی | 41 | 82 | 6 | 12 | 3 | 6 | 50 |
| 3 | شاری شنیار | 13 | 100 | 0 | 0 | 0 | 0 | 13 |
| 4 | کورد سیتی 2 | 28 | 90.3 | 2 | 6.5 | 1 | 3.2 | 31 |
| 5 | شاری گۆیژە | 47 | 87 | 4 | 7.4 | 3 | 5.6 | 54 |
| 6 | جوان تاوەر | 3 | 100 | 0 | 0 | 0 | 0 | 3 |
| 7 | فەیوان سیتی1 | 13 | 92.9 | 0 | 0 | 1 | 7.1 | 14 |
| 8 | شاهین سیتی | 10 | 100 | 0 | 0 | 0 | 0 | 10 |
| 9 | دەروازە سیتی2 | 51 | 89.5 | 1 | 1.8 | 5 | 8.8 | 57 |
| 10 | شاری نموونەیی | 7 | 100 | 0 | 0 | 0 | 0 | 7 |
| 11 | هەواری ژانکۆ | 30 | 96.8 | 0 | 0 | 1 | 3.2 | 31 |
| 12 | بەرزاییەکانی فەیوان | 30 | 88.2 | 2 | 5.9 | 2 | 5.9 | 34 |
| 13 | جاف تاوەر | 9 | 100 | 0 | 0 | 0 | 0 | 9 |
| 14 | برایەتی سەردەم | 10 | 76.9 | 0 | 0 | 3 | 23.1 | 13 |
| 15 | کەتەکەوە | 28 | 100 | 0 | 0 | 0 | 0 | 28 |
|  | کۆی گشتی | 346 | 90.1 | 17 | 4.4 | 21 | 5.5 | 384 |

سەرچاوە: فۆرمی ڕاپرسی .

خشتەی (5) قەبارەی خێزان لە پرۆژەکانی نیشتەجێبونی ستونی

| ز | ناوی پرۆژە | 3-1 | % | 5-4 | % | 6 وزیاتر | % | کۆی گشتی |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| 1 | گوڵی شار | 15 | 50 | 14 | 46.7 | 1 | 3.3 | 30 |
| 2 | دیلان سیتی | 23 | 46 | 27 | 54 | 0 | 0 | 50 |
| 3 | شاری شنیار | 8 | 61.5 | 5 | 38.5 | 0 | 0 | 13 |
| 4 | کورد سیتی 2 | 13 | 41.9 | 18 | 58.1 | 0 | 0 | 31 |
| 5 | شاری گۆیژە | 26 | 48.1 | 28 | 51.9 | 0 | 0 | 54 |
| 6 | جوان تاوەر | 1 | 33.3 | 2 | 66.7 | 0 | 0 | 3 |
| 7 | فەیوان سیتی1 | 6 | 42.9 | 8 | 57.1 | 0 | 0 | 14 |
| 8 | شاهین سیتی | 5 | 50 | 5 | 50 | 0 | 0 | 10 |
| 9 | دەروازە سیتی2 | 22 | 38.6 | 34 | 59.6 | 0 | 108 | 57 |
| 10 | شاری نموونەیی | 3 | 42.9 | 4 | 57.1 | 0 | 0 | 7 |
| 11 | هەواری ژانکۆ | 7 | 22.6 | 22 | 71 | 2 | 6.5 | 31 |
| 12 | بەرزاییەکانی فەیوان | 15 | 44.1 | 18 | 52.9 | 1 | 2.9 | 34 |
| 13 | جاف تاوەر | 3 | 44.4 | 5 | 55.6 | 0 | 0 | 9 |
| 14 | برایەتی سەردەم | 6 | 46.2 | 7 | 53.8 | 0 | 0 | 13 |
| 15 | کەتەکەوە | 2 | 7.1 | 16 | 57.1 | 10 | 35.7 | 28 |
|  | کۆی گشتی | 156 | 40.6 | 213 | 55.5 | 15 | 3.9 | 384 |

سەرچاوە:فۆرمی ڕاپرسی .

خشتەی (6)پێکهاتەی خوێندەواری سەرۆك خێزان

| ز | ناوی پرۆژە | نەخوێندەوار | % | بنەڕەت | % | ئامادەیی | % | دبلۆم | % | بکالۆریۆس | % | با لا | % | کۆی گشتی |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| 1 | گوڵی شار | 9 | 30 | 1 | 3 | 9 | 30 | 6 | 20 | 3 | 10 | 2 | 7 | 30 |
| 2 | دیلان سیتی | 3 | 6 | 3 | 6 | 11 | 22 | 13 | 26 | 20 | 40 | 0 | 0 | 50 |
| 3 | شاری شنیار | 0 | 0 | 1 | 8 | 0 | 0 | 3 | 23 | 8 | 62 | 1 | 8 | 13 |
| 4 | کورد سیتی 2 | 1 | 3 | 5 | 16 | 7 | 23 | 8 | 26 | 10 | 32 | 0 | 0 | 31 |
| 5 | شاری گۆیژە | 2 | 4 | 3 | 6 | 4 | 7 | 9 | 17 | 25 | 46 | 11 | 20 | 54 |
| 6 | جوان تاوەر | 0 | 0 | 0 | 0 | 0 | 0 | 1 | 33 | 0 | 0 | 2 | 67 | 3 |
| 7 | فەیوان سیتی1 | 0 | 0 | 0 | 0 | 1 | 7 | 1 | 7 | 9 | 64 | 3 | 21 | 14 |
| 8 | شاهین سیتی | 0 | 0 | 0 | 0 | 3 | 30 | 2 | 20 | 5 | 50 | 0 | 0 | 10 |
| 9 | دەروازە سیتی2 | 1 | 2 | 0 | 0 | 6 | 11 | 6 | 11 | 34 | 60 | 10 | 18 | 57 |
| 10 | شاری نموونەیی | 0 | 0 | 1 | 14 | 2 | 29 | 0 | 0 | 4 | 57 | 0 | 0 | 7 |
| 11 | هەواری ژانکۆ | 2 | 6 | 1 | 3 | 5 | 16 | 5 | 16 | 16 | 52 | 2 | 6 | 31 |
| 12 | بەرزاییەکانی فەیوان | 1 | 3 | 0 | 0 | 2 | 6 | 5 | 15 | 20 | 59 | 6 | 18 | 34 |
| 13 | جاف تاوەر | 0 | 0 | 0 | 0 | 2 | 22 | 3 | 33 | 3 | 33 | 1 | 11 | 9 |
| 14 | برایەتی سەردەم | 1 | 8 | 2 | 15 | 2 | 15 | 1 | 8 | 5 | 38 | 2 | 15 | 13 |
| 15 | کەتەکەوە | 17 | 61 | 5 | 18 | 3 | 11 | 2 | 7 | 1 | 4 | 0 | 0 | 28 |
|  | کۆی گشتی | 37 | 10 | 22 | 6 | 57 | 15 | 65 | 17 | 163 | 42 | 40 | 10 | 384 |

سەرچاوە: فۆرمی ڕاپرسی .

خشتەی (7)پیکهاتەی خوێندەواری هاوسەر

| ز | ناوی پرۆژە | نەخوێندەوار | % | بنەڕەت | % | ئامادەیی | % | دبلۆم | % | بکالۆریۆس | % | باڵا | % | کۆی گشتی |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| 1 | گوڵی شار | 10 | 38.5 | 3 | 11.5 | 2 | 7.7 | 9 | 34.6 | 2 | 7.7 | 0 | 0 | 26 |
| 2 | دیلان سیتی | 3 | 7.3 | 4 | 9.8 | 7 | 17.1 | 11 | 26.8 | 15 | 36.6 | 1 | 2.4 | 41 |
| 3 | شاری شنیار | 1 | 7.7 | 1 | 7.7 | 0 | 0 | 3 | 23.1 | 8 | 61.5 | 0 | 0 | 13 |
| 4 | کورد سیتی 2 | 5 | 17.9 | 5 | 17.9 | 3 | 10.7 | 8 | 28.6 | 7 | 25 | 0 | 0 | 28 |
| 5 | شاری گۆیژە | 2 | 4.3 | 6 | 12.8 | 3 | 6.4 | 11 | 23.4 | 23 | 48.9 | 2 | 4.3 | 47 |
| 6 | جوان تاوەر | 0 | 0 | 0 | 0 | 0 | 0 | 1 | 33.3 | 1 | 33.3 | 1 | 33.3 | 3 |
| 7 | فەیوان سیتی1 | 0 | 0 | 1 | 7.7 | 1 | 7.7 | 3 | 23.1 | 8 | 61.5 | 0 | 0 | 13 |
| 8 | شاهین سیتی | 0 | 0 | 2 | 20 | 2 | 20 | 1 | 10 | 5 | 50 | 0 | 0 | 10 |
| 9 | دەروازە سیتی2 | 2 | 3.9 | 1 | 2 | 2 | 3.9 | 5 | 9.8 | 37 | 72.5 | 4 | 7.8 | 51 |
| 10 | شاری نموونەیی | 1 | 14.3 | 2 | 28.6 | 0 | 0 | 3 | 42.9 | 1 | 14.3 | 0 | 0 | 7 |
| 11 | هەواری ژانکۆ | 2 | 6.7 | 4 | 13.3 | 2 | 6.7 | 6 | 20 | 16 | 53.3 | 0 | 0 | 30 |
| 12 | بەرزاییەکانی فەیوان | 1 | 3.3 | 0 | 0 | 3 | 10 | 4 | 13.3 | 21 | 70 | 1 | 3.3 | 30 |
| 13 | جاف تاوەر | 0 | 0 | 0 | 0 | 1 | 11.1 | 2 | 22.2 | 4 | 44.4 | 2 | 22.2 | 9 |
| 14 | برایەتی سەردەم | 2 | 20 | 2 | 20 | 1 | 10 | 2 | 20 | 3 | 30 | 0 | 0 | 10 |
| 15 | کەتەکەوە | 19 | 67.9 | 5 | 17.9 | 1 | 10،7 | 1 | 3.6 | 0 | 0 | 0 | 0 | 28 |
|  | کۆی گشتی | 48 | 13.9 | 36 | 10.4 | 30 | 8.7 | 70 | 20.2 | 151 | 43.6 | 11 | 3.2 | 346 |

سەرچاوە: فۆرمی ڕاپرسی.

## سەرچاوەکان:


1-أبوعيانة، فتحي محد، جغرافية السكان وأسسها الديموغرافية، دار المعرفة الجامعية، الاسكندرية، 1989.

2-أسماعيل، أحمد، أسس علم السكان وتطبيقات الجغرافية، ط2، دار الثقافة للنشر، قاهرة، 1977.

3- الرحماني، صباح فاضل، الاسكان تخطيط وسياسات، دار الحامد للنشر والتوزيع، عمان، الاردن، 2012.

4- الشواورة، علي سالم، جغرافية المدن، ط1، دار الميسرة للنشر والتوزيع، عمان، 2012.

5-العاني، محد جاسم، الاقليم والتخطيط الاقليمي، ط1، دار الصفاء للنشر والتوزيع، عمان، 2006.

6- عمر، مضر-خليل، مقالات في الجغرافية التطبيقية، بدون مطبعة، بدون سنة الطبع .

7- حسين، بيان علي، سكان مدينة سليمانية، رسالة ماجستير، كلية الاداب، جامعة بغداد،2001.

8- خورشيد، هشام توفيق جميل، التحليل المكانى لمقومات الاستثمار في محافظة ديالى الواقع و الأثار المستقبلية، أطروحة دكتورا، كلية التربية للعلوم الانسانية، جامعة ديالى، 2016.

9-الراوي، محمود جمال عباس جواد، التحليل المكاني لتركيب العمري والنوعي لسكان قضاء الحديثة للمدة (1997-2020)، رسالة ماجستير، كلية اداب، جامعة الانبار، 2021.

10-سعيد، كامران طاهر، توسع مدينة سليّمانية بتأثير الاسر الحضري، اطروحة دكتورا، كلية العلوم الانسانية، جامعة سليمانية، 2011.

11-الشبري، حمادي عباس حمادي، التغيرات السكانية في محافظة قادسية 1977-1997، أطروحة دكتورا، كلية التربية-ابن رشد، جامعة بغداد، 2005.

12-الغزالي، جاسم شعلان كريم، البعد الجغرافي للوظيفة السكنية لمدينة حلة، أطروحة دكتورا، كلية التربية، جامعة مستنصرية، 2007 .

13-مهلهل، قحطان عدنان، التباين المكاني لتركيب العمري والنوعي لسكان محافظة بغداد لعامي (1997-2018)، رسالة ماجستير، كلية التربية للعلوم الانسانية، جامعة بغداد، 2021.

14- جلال، شازاد جمال، نظام المستقرات الحضرية في أقليم كوردستان العراق، مجلة المخطط و التنمية، العدد (19)، 2008.

15-محمود، كامران ولي، نمذجة التوسع الحضري لمدينة سوران بأستخدام تقنية نظم المعلومات الجغرافية، گۆڤاری زانكۆ بۆ زانسته مرۆڤایەتییەكان، بەرگی 21، ژماره 1، 2017 .

16- مديرية النفوس العامة، احصاء السكان لسنة(1947)، بغداد،1954، جدول رقم(1).

17-وزارة التخطيط، الجهاز المركزي للاحصاء، نتائج التعداد العام للسكان لسنة 1977، جدول رقم (3) .

18- وزارة التخطيط، الجهاز المركزي للاحصاء، نتائج التعداد العام للسكان لسنة 1987، جدول رقم (1ح).

19-مديرية احصاء السليمانية، المؤشرات السكانية و البنى الارتكازية لأقليم كوردستان العراق لسنة 2002.

20-بەڕێوەبەرایەتی ئاماری سلێمانی، ڕاپۆرتی ئاماری دیمۆگرافی دانیشتوانی پارێزگای سلێمانی و هەڵەبجە و ئیدارەكان، 2019.

21-حكومەتی هەرێمی كوردستان، وەزارەتی پلان دانان، ئاوارەبی گرفت و دەرفەت، چاپخانەی كاروان، هەولێر، 2016.

22- عوسمان، ماجد، ڕاپۆرتی شیكاری دانیشتوانی هەرێمی كوردستان، ڕاپۆرتی بڵاوكراوەی دەستەی ئاماری هەرێم، 2021 .